


# مێژووی مەدرەسەی " سەعادەت " یەکەم مەدرەسەی شاری مەهاباد

## ساڵی ١٢٩٤ی هەتاوی ـ ١٩١٥

ئامادەکردنی: فاڕووق فەرهاد
سوئێد: ٢٠٢٠



پێشکەش بە بابی خۆشەویستم " عەلی فەرهاد " کە یەکێک لە قوتابیانی مەدرەسەی "سەعادەت " بوو.

وێنە: دانیشتوو لە ڕاستەوە نەفری دووهەم: عەلی فەرهاد، ساڵی ١٣١٢ـ ١٩٣٤

پێڕست:


مزگەوت......................................................................................................٤

خانەقا........................................................................................................٤

مەدرەسەی سەعادەت...................................................................................٨

شوێنی مەدرەسەی سەعادەت..........................................................................٩

ساڵی دامەزراندنی مەدرەسەی سەعادەت........................................................١٠

سەلیفولقوزات سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ.......................................................١٤

قازی محەمەد سەۆکی ئیدارەی فەرهەنگ.........................................................٢٢

یەکەم کلاسی دەبیرستان...............................................................................٣٠

شوێنی مەدرەسەی سەعادەت لە ساڵی ١٣٣٢ تا ١٣٥٧........................................٣٢

یەکەم مامۆستای دواناوەندی لە مەهاباد........................................................٣٤

شێعری میرزا ئەحمەد فتووحی......................................................................٣٦

خات زلەیخا.................................................................................................٣٧

سەرچاوەکان................................................................................................٤٢

مزگەوت

بەر لە دامەزراندنی خوێندگەی مۆدێرن، شوێنی پەروەردەکردن و فێر بوونی خوێندن بریتی بوون لە ماڵی مامۆستاکانی ئایینی، ماڵی شاعیران و زانایان، مزگەوت، خانەقا، و حوجرەکان و... کە هەم لە شار و هەم لە گوندەکاندا هەڵسوورانیان هەبوو. بەشی هەرە زۆری خەڵک نەخوێندەوار بوون، ئەوەش وەنەبێ رووداوێکی بەرێکەوت بووبێ، بەڵکوو ئەمە سیاسەتێکی نەخشەکێشراوی ڕیژیمی پەهەلەوی بوو لە ناوچەکەدا.

مزگەوت لە کوردەواری دا گرینگییەکی زۆری هەبووە. جگە لەوەی شوێنی نوێژ و خواپەرستی بووە، ماوەیەکی درێژ تەنیا جێگەی فێر بوونی خوێندەواری و زانست بووە، زۆری شاعیر و نووسەر و ئەدیبەکانی کورد تا کوتایی چلەکان لە مزگەوتاندا پێگەیشتوون. سەرای ئەوەش شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک و، پرسە و، بەلادا خستنی ناکۆکی بووە. مەلاکان لە دوانگەی مزگەوتەکان ئەیان توانی کار لە بیرورای خەڵک بکەن.

خەلیل فەتاح قازی لە کتێبی بیرەوەریکانی خۆیدا " سالهای پر اضطراب " دەنووسێ: دەرس کوتنی فەقێکان لەسەر ئەستۆی مەلای مزگەوت بوو، فەقێکان بە دوو بەش بوون یەک دەستە: سەرەتایی بووین کە پێیان دەگووتن " سوختە "، و دەستەی دیکە کە خوێندنی باڵاتریان هەبوو پێیان دەگووتن ' موستەعد ".

" موستەعدە "کان دەرسیان دەگوت، دەرسەکان بریتی بوون لە: قەرائەتی قورئان وە زۆر کەم زمانی فارسی، دوایی دەستیان پێدەکرد بە خوێندنی سەرف و نەحوی زمانی عەرەبی، علووم و تەفسیر، حیکمەت، فەلسەفە، فیقە، کەلام، مەنتیق، وەزع و ئیستعارە...

لە مەهاباد ئەو کات کە ٨ هەزار نەفر دانیشتووی هەبوو ٣٠٠ نەفر، فەقێ دەرسیان لە مزگەوتەکان دەخوێند. *

خانەقا

مامۆستا هێمن لە کتێبی " تاریک و روون "دا دەنووسێ: خانەقا ئەو سەردەمانە زۆرئاوەدان بوو. خەڵک دەهات و دەڕۆیی و کەس هەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. فەرق و جیاوازی زۆر کەم بوو. جارێکی دیکەشم گوتووە و دووپاتەی دەکەمەوە دەتگووت کەشتی


نووحە، لە هەموو توو و تۆرە و ڕگەزێکی لێ بوو، پەنای بێکەسان و لێقەوماوان و ئاواران بوو. پیاو چاک، خۆپارێز، دیندار، موسڵمان، مەلا، سەید، زانا، خوێندەوار، چەتە، دز، پیاوکوژ، نەزان، شێت، بێکارە، پەککەوتە، کویر، شەل، تەنانەت بێ دینیش لەبن میچێک دا کۆببوونەوە و پێکەوە دەژیان و هەموو یەک جیرە نانیان وەردەگرت. ئەفغانی، فارس، تورک، ئازەری، و تەنانەت هیندیشی لێ بوون. کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستانی لێ بوون، کە بە شێوەی جۆر بە جۆر قسەیان دەکرد و هی واهەبوون بە زەحمەت تێکدەگەیشتن.

پیاوی گەورە و زانا بە ناوبانگەکانی ئەو سەردەمی موکریان وەک مامۆستا فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی محەمەد، حاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندی، عەلیخانی ئەمیری، بەتایبەتی ئاغا خوێندەوار و زاناکانی فەیزوڵڵا بەگی هاتووچووی خانەقایان دەکرد و بە مانگ و دوو مانگ لەوێندەری دەمانەوە. مەلای گەورە گەورەی لێ بوون و دەرسیان دەگووتەوە، پڕ بوو لە " سوختە " و " موستەعیدی " باش. کەسێک ویستبای بخوێنی و شت فێر بێ جێگای خوێندن و شت فێر بوون بوو.

مامۆستا هەژار لە کتێبی" چێشتی مجێور"دا دەنووسێ: ژیانی ناو فەقێ یان بەڕاستی سەرنج ڕاکێشە. ئەگەر کۆمەڵێکی هاوزمان و هاوولاتی بە میللەتێک دادەنین، بە بروای من فەقێش تا نەبوونە مەلا، میللەتێکی سەربەخۆن. هەر مەلایەک وەک باوکی من دەیەوێ کوڕەکەی جێگەی بگرێتەوە، زۆر کەسی نەخوێندەواری بە ئیمانیش کە خۆشیان لە مەلا و یاسین خوێندن هاتوە، کوڕیان دەنێرنە ناو فەقێ یان. زۆربەی فەقێ کوڕە بێوەژن و کوڕە هەژاری جوتیارن. دەچنە حوجرە دەبێ سواڵی نان لە ماڵان بکەن. بەشی جلک و شمەک لە راتوە پەیدا کەن کە بەهاران و پایزان بە ئاوایی و هۆبانەوە دەگەڕێن، ڕۆن و پەنیر و کەشک و توتن سواڵ بکەن و خۆیانی پێ پۆشتە کەنەوە و شەکر و چای پێ دابین بکەن. خەڵک لە زەکاتی گەنم و دراو بەشیان بدەن.

خوێندنەکەیان چۆنە؟ چەند کتێبێک لە سەتان ساڵەوە بۆتە باو، زۆر کەم وایە ئاڵوگۆڕ بکەین، یانی بەرنامەی دەرس بە سەتان ساڵ نەگۆڕاوە. دەرس گوتنەوەش هەر لە عۆدەی ئەوانەیە کە لەو کتێبانەوە فێرە خوێندن بوون و هەرگێز بەرنامەی تازە کردنەوە دەسکاری تێدا دەکار نەکراوە. نە فەقێ تێدەگا چی خوێندوە و نە مامۆستا خۆی دەزانی چی بە دەرس کوتووتەوە. لەسەر فەقێ یەک یان دوان هەل دەکەن کە لەو حەوت خوانی رۆستەمە دەرچن و ببنە مەلای باش. ئەوەی دیش هەمووی لە هەوەلی ڕێگە لە

ناوەڕاست بەجێ ماون و سەر نەکەوتوون، ڕێگ وپێکی خوێندن و ئیمتحانی سێ مانگە و شەش مانگە و ساڵانەیان هەر نەبیستووە، خۆی و خۆی تەنبەڵ و ناتەنبەڵ بە یەک ڕێدا دەڕۆن.



ماموستا هەژار

تا پێش دامەزراندنی یەکەم مەدرەسە، دەرس خوێندن غەیرە ئایینی کارێکی دروست نەبوو و زۆربەی مەلا و ماموٚستایان دژی دامەرزاندنی مەدرەسە بوون.

مەلا قادر مودەڕیسی لە کتێبی " کۆمەلەی ژێ. کاف چ بوو، و چی دەویست و چی لێ بەسەرهات ؟" لاپەڕەی ١٠دا دەڵێ: خوێندنی دەرسی غەیرە ئایینی کارێکی دروست نەبوو، کە یەکێک چووبا دەبیرستان ( پۆلی ناوەندی ) ئیدی بە جارێک کافر دەبوو. کە بڕوای بە خڕ بوونی زەوی هەبا یان گووتبای عەرزە دەسوورێ دەیانگوت: فلانە کەس گەڕاوەتەوە سەر شوێنی ئاور پەرستی.

خەلیل فەتاح قازی لە کتێبی " سالهای پر اضطراب " لاپەڕەی ٢٦دا دەنووسێ: وەکی باس دەکەن، پێش ئەوەی یەکەمین مەدرەسە دروست بێت زۆربەی مەلاکان دژی بوون و دەیانگوت زەنگی مەدرەسەی وەک زەنگی کلیسا دەچی وە لە مەدرەسەی موسڵمانان نابێ زەنگ لێ بدرێ. *



مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٢٩٥ـ ١٩١٦

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە




مەهاباد، ڕۆژی دامەزراندنی مەدرەسەی" سەعادەت " ساڵی ١٢٩٤ـ ١٩١٥

دانیشتووان لە چەپەوە بۆ ڕاست: میرزا ڕەحمت شافیعی ـ سەید جامی جەعفەری ـ ؟ ـ ؟ ـ مەلا محەمەد تورجانی زادە ـ سەید حەسەن شێخو ئیسلامی ـ قازی مونعم ـ ئەدیب تەبرێزی ـ قازی عەلی

ڕەدیفی دووەم دانیشتوو لە ڕاست بۆ چەپەوە: حاجی مستەفا شاتری ـ حاجی سالح موشیری

پشتی سەری قازی عەلی لە دەستی ڕاست: حەسەن نانەوازادە و دەستی چەپ: عەلی عیسا زادە

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری وەرگیراوە.

شوێنی مەدرەسەی سەعادەت

سەید محەمەد سەمەدی لە وەرزنامەی "کەشکۆڵ" ژمارەی ٣ ساڵی ١٣٩٦دا دەنووسێ: هەر کات بمانهەوێ وەدوای یەکەم شوێنی مەدرەسەی "سەعادەت" کەوین، ئەو جێگایانەمان پێ دەڵێن: ماڵی میرزا مستەفا سوڵتانیان، ماڵی حاجی ساڵح موهاجری، ماڵی قادر ئەمینی، ماڵی میرزا مەعروف شافیعی، یا بینای روبەروی حەمامی شوجاع الملک، یا خانووی نێو مزگەوتی شادرویش، یا کتێبفرۆشی قادری حەمیدی، هەر کەس یەکێک لەو جێگایانە بە مەدرەسەی "سەعادەت" دادەنێ. زیاتر لە یەک سەدەیە کە ئێستاش بە دروستی جێگا و شوێنی ئەو مەدرەسەیە نادیارە.

دکتۆر قادر مەحموود زادە "ئاسۆ" لە کتێبی "خاطرات پر ماجرای دکتر آسو" دا دەنووسێ: مەدرەسەی "سەعادەت" لە ماڵی میرزا مستەفا پینەچیان دا بوو کە نیزێک قەبرستانی مەلا جامی بوو.

خەلیل فەتاح قازی لە کتێبی "سالهای پر اضطراب" ل. ٢٦دا دەنووسێ: مەدرەسەی "سەعادەت" لە ماڵی ئاغای محەمەد ئیقبالی بوو. کاک محەمەد دووکانێکی بچووکی بەزازی هەبوو، چون دووکانەکەی بە چاکی نەدەچۆ پێش و زۆرتری قوماشەکانی دابوو بە قەرز بە مشتەریان، خانووکەی خۆی کە زۆر گەورە و پان و بەرێن بوو بە ئیجارەی دابووی بە مەدرەسەی "سەعادەت". *

محەمەد شاپەسندی لە کتێبی "بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسندی" لاپەڕەی. ٦دا دەنووسێ: پۆلی ئەووەڵ و دووەمی قوتابخانەکەم لە گەڕەکی "ڕزگەیان" نزێک مزگەوتی ڕوستەم بەگ، خانووی عەزیز قورپیش لە قوتابخانەی "سەعادەت" خوێندوومە، و پۆلی پێنج و شەشم لە قوتابخانەی "سەعادەت" لەپەنا ماڵی موهاجیری خوێندووە.

ئاغا سەید قادر جەعفەری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: من لە ئاخری ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی لە مەدرەسەی "سەعادەت" کە تەنیا مەدرەسەیەک بوو کە ئەوکات لە مەهاباد هەبوو و سێ یا چوار ساڵ پێشتر دامەزرابوو ناونووسیم کرد. بابم لەگەڵ بوو، شوێنی مەدرەسەکە عیمارەتی گەورە و خۆش و حەسار و دیوی گەورە و حەوزێکی گەورەش لە تاقی دووەم حەسارەکەدا بوو.

مەدرەسەکە لە بەشی باکووری مزگەوتی ڕۆستەم بەگ، لە کووچەی مەلا عەبدوڵڵا مودەڕیسی قەراری گرتبوو. مەدرەسەکە لە ماڵی ئێمە زۆر دوور نەبوو، ئەو خانووە دوایی خانمە خانمە کچی سەدر قازی کڕیی و بیناکەی لەسەرڕا سازکردەوە.

ساڵی دامەزرانی مەدرەسەی سەعادەت

بە پێی لێکۆڵێنەوەی ئاغای سەید محەمەد سەمەدی لە کتێبی ئاورێک لە مێژووی مەهابادا " مکرم الملک قائم مقام طباطبائی" کە فەرمانداری تەورێز بووە ساڵی ١٢٩٤ی هەتاوی ١٩١٥ یەکەم مەدرەسەی مۆدێڕن بە شێوەی ئەمڕۆ بە ناوی مەدرەسەی " سەعادەت " لە شاری " مەهاباد " دادەمەزرێنێ، و کەسیکی بەناوی ئەدیب تەبرێزی بە مودیر بۆی دادەنێ. بووجە و دارایی مەدرەسەکە لە لایەن یارمەتییەکانی خەڵک و دەوڵەمەندەکانی شارەوە دابین دەکرا.

ساڵی ١٢٩٦ ـ ١٩١٧ واتە دوای دوو ساڵ ئاغای " ئەدیب تەبرێزی " جێگەی خۆیدا بە میرزا " یوسف شوجاعی "، بابی خانم ( شوجاعی ) کە یەکێک لە مرۆڤە زۆر بەڕێز و بازنشستەی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بووە. ئاغای شوجاعی تا ساڵی ١٣٠٠ ـ ١٩٢١ لەوپەڕی سەداقەت و خاوەنیدا مەدرەسەی " سەعادەت " بەرێوەدەبا.

ئاغای سەید قادر جەعفەری دەنووسێ: مودیری مەدرەسە ئاغای شوجاعی بوو، مرۆڤێکی تەمەن سی ساڵە کە زۆر قەد بلیند و بارێک ئەندام، و تورک زمان و خەڵکی تەورێز بوو. ( کچی ئاغای شوجاعی کە باسەواد و مامۆستا بوو، مێردی بە کاک مستەفا داودی کوڕی مام یوسفی قەساب کرد ).

نازەمی مەدرەسە کە مامۆستاش بوو و دەرسیشی دەکووت، پیاوێکی تەمەن ٤٥ ساڵ بە ناوی میرزا " خەلیل فاڕووقی " ( کوڕی کاک خەلیل بەنێوی محەمەد فاڕووقی کە کارمەندی بازنشستەی ئیدارەی سەبت بوو کە چەند ساڵ پێش کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی دیکەشی دانیشتووی وڵاتی ئاڵمانە و لەوی دژی ).

لە مامۆستایانی دیکە کە لەبیرم ماون، گەنجێک بوو بەنێوی میرزا " ئیبراهیم "، ئەو گەنجە یەک ساڵ بوو کە ببوو بە مامۆستا، ئینسانێکی باسەواد، زۆر دڵگەرم بەکاری خۆی، من بەس نێویم لەبیر ماوە، بەڵام ئەوەی کە لەبیرم دێ برایێکی هەبوو بەنێوی عەلی کە تا پێش شۆڕشی ئێران زیندوو بوو، و کاری خەیاتی دەکرد. گویا بابی ئەو دوو کەسە زۆر خۆش نێو و بەنێوبانگ بوون لە مەهاباد. شوێنی دووکانی ئوستادی خەیات

لە قیسەریە میرزا ڕەحمەتی شافیعی ڕووبەڕووی دووکانی ئاغای سەید عەزیز حوسێنی بوو. میرزا " ئیبراهیم " بە نهێنیێ و دوور لە پیاوەکانی دەوڵەت چوو بۆ عێراق و قەت نەگەڕایەوە بۆ مەهاباد. تا چەند مانگان لەگەڵ نۆکەرێک دەچوومەوە بۆ مەدرەسە، و بۆ هاتنەوەش، دەهاتن بەدوومدا. بەڕاستی زۆر حەزم لە خوێندن هەبوو. شێوەی خوێندن و کوتنی دەرسی ئەوکات لەگەڵ ئێستا زۆر جیاواز بوو. (د ـ بچووک و د ـ گەورە ) ئێستاش هەر لەبیرم ماوە و فەرامۆشم نەکردووە. من دوای ماوەیەکی کەم دەمتوانی دیکتە کە ماموستا بە ئێمەی دەکووت بێ هەڵە بنووسم و نمرەی باشی لێ وەرگرم.*



ئاغای سەید قادر جەعفەری

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری وەرگیراوە



مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٣٠٢ ـ ١٩٢٣

١ـ مەلا ئەحمەد تورجانی زادە ٢ـ مەلا ئیبراهیم قازی ( مامۆستای دەرسی دینی ) ٣ـ یوسف شوجاعی( مودیر مەدرەسە ) ٤ـ سەیفولقوزات ( بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ ) ٥ـ سەدرولئیسلام ( مامۆستای حیساب و هەندەسە ) ٦ـ قازی محەمەد ( موشاوەری رئیس فەرهەنگ ) ٧ـ میرزا عەبدوڵڵا سەرخانی ( مامۆستای ئەدەبیات و خۆش نووسی )

وێنە: لە کتێبی ساجبلاغ مکری، مهاباد در آیینەی اسناد تاریخی، فریدون حکیم زادە

ساڵی ١٣٠٠ ـ ١٩٢١ لە هێرشەکەی " سمکۆ " ئاغای شکاک دا ئەم خوێندنگەیە بۆ ماوەیەک کۆدەکرێتەوە و پاشی ئەهون بوونەوەی شار سەرلە نوێ دەست بەکار دەکاتەوە و دیسان میرزا یوسف شوجاعی دەبێتە مودیر مەدرەسەکە.*



وێنە: مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٣٠٧ـ ١٩٢٨ لە لاپەڕەی ٥٥ی کتێبی "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان " بەرگی دووەم، نووسینی: ئیبراهیم ئەفخەمی وەرگیراوە.

مامۆستاکان ٩ کەسن و لە ڕیزی دووەم دانیشتوون و لە ڕاستەوە: ١ـ ئەحمەد فتووحی ٢ـ جەلیل فاڕووقی ٣ـ خەلیل فەتاح قازی ٤ـ یوسف شوجاعی ٥ـ قازی محەمەد ٦ـ میرزا ئیبراهیم قازی ٧ـ قادر مودەڕیسی ٨ـ عەبدوڵڵا فازیلی ٩ـ ڕەحیم لەشکری.

سەیفولقوزات سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ

مرحوم سەیفی قازی (سەیفولقوزات) ڕووحانی و شاعیر و ئەدیبی ناوداری کورد دەبێتە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی شاری مەهاباد، و چەند کەس وەک میرزا ئەحمەد قادری، دەبێ بە موعاونی سیف قازی و دەست بەکار دەکەن.

خەلیل فاڕووقی، ئەحمەد تورجانی زادە، وەک ماموستا و ئاغای شێخ عەلی وەک نازمی مەدرەسە دیاری دەکرین. و هەروەها مەدرەسە لەژێر چاوەدێری "تەورێز" دێتەدەر و دەکەوێتە بەر سەرپەرستی فەرهەنگی ورمێ. و لە ڕوانگەی ماڵیشەوە بووجەی بۆ دیاری دەکرێ و پێویستی بە یارمەتی ماڵیی خەڵک نامێنێ.*




وێنە: مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ۱۳۰۸ـ ۱۹۲۹ لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە.

ماموستاکان لە ڕاستەوە: میرزا قادر مودەڕیسی و میرزا ئیبراهیم قازی



وێنە: مەدرەسەی " سەعادەت " دەبێ ساڵەکانی ١٣١٢ ـ ١٣١٣ بێت.

مامۆستایان لە لای ڕاستاوە: ١ـ میرزا ئەحمەد فتووحی ٣ـ میرزا جەلیل فاڕووقی ٤ـ میرزا خەلیل فەتاح قازی.

دانیشتوو ڕەدیفی یەکەم لە لای ڕاستەوە نەفەری چوارەم: عەلی فەرهاد

وێنە: لە ئالبوومی بنەماڵەی بەڕێزی " عەلی فەرهاد " وەرگیراوە.

ماموستا هێمن له کتێبی " تاریک و روون "دا باس له مەدرەسەی " سەعادەت " دەکا و دەنووسێ: بابم ناردمیه سابلاخ تا له مەدرەسەی دەوڵەتی بخوێنم. لەپێشدا زۆم پێخۆش بوو. له مەدرەسەی " سەعادەت " ناونووسیم کرد. مەدرەسەکەمان خانوویێکی گەورە و کۆن و کەلاوە بوو. تاقه چاوەیەکی ئاودەست هەبوو قەت وبەر نەدەکەوت.


مزگەوتمان لێ نیزێک بوو، بەلاّم نه فەڕاشی مەدرەسه دەیهێشت وەدەرکەوین و نه مجێوری مزگەوت ڕێگای دەداین بچینه ئاودەستی مزگەوت. بۆشکەیەک ئاوی چۆمی بۆگەن لەبن دیوارێک داندرابوو. دەفرێکی تەنەکەیان لەسەر دانابوو، ئەو هەموو منداڵه بەو دەفره ئاویان دەخواردەوە. هەمیشه لەسەر چوونه ئاودەست و ئاو خواردنەوە شەڕ لەنێو شاگردەکاندا پەیدا دەبوو و" نازم "ی مەدرەسه، که پیاوێکی زۆر زاڵم بوو بیانووی وەگیر دەکەوت که دارکاریان بکا.

ژووری دەرس خوێندنمان تەنگ و تاریک بوو. پەنجەرێکی تێدا بوو که لەباتی شووشه کاغەزی لێ درابوو. بۆ ئەوەی رووناکتر بێ کاغەزەکەیان به رۆن چەور کردبوو. کورسییەکانی چەپرەک و شکاو بوون. مێز و کورسی ماموستاش له ئێمه باشتر نەبوو. ماموستاکەمان پیره پیاوێکی کوێره مووشەی زۆر توورە و تۆسن بوو. هەمیشه سێ چوار شووڵی ئاڵوو باڵووی لووس و لێک و ئەستووری لەسەر مێزەکه داندرابوو. هەرکەس دەرسی نەزانیبا یا ورتەی لەبەر هاتبادەر زۆر بێ ڕەحمانه وەردەگەڕا سەروگوێلاکی.

ماموستا هێمن له درێژایی باسەکەیدا دەنووسێ: وەزعی مەدرەسەش لەپار باشتر بوو ژوورەکەمان له هی پار زۆر خۆشتر و رووناکتر بوو، ماموستاکانیشمان باشتر بوون. بەلاّم یەکیان که کورد بوو و دەرسی فارسی پێدەگووتین زۆر توند و بەزاکوون بوو، هەموومان رووحمان لێ تۆقی بوو. ماموستای حیسابمان ئازەری بوو. فارسی ئەوەنده خراپ دەگوت که ئێمەی منداڵ گاڵتەمان پێدەکرد. بەلاّم حیسابی باش فێر کردین.

لەبیرمه ئێوارێک جەدوەلی زەربی بۆ نووسینەوە و هەر یەکه دانەیەکی داینێ و حاڵی کردین چۆنی لەبەر کەین. گوتی: سبەینێ ئێواره لێتان دەپرسمەوە و هەر کەس ڕەوانی نەکردبێ غەڵەت و شووڵی لێ دەدەم. من ئەو شەوە نەنووستم تا لەبەرم کرد. سبەینێ لێی پرسینەوە، کەس نەبوو به تەواوی لەبەری بێ و وێی نەکەوێ. تەنانەت من که زۆر چاکم لەبەر کردبوو شووڵێکم ئافەریمانه هەر خوارد. خۆش ئەوەبوو ماموستای

حیسابمان بۆ خۆی لێی نەدەداین و مامۆستاکەی ترمان ئەو زەحمەتەی  لەباتی ئەو دەکێشا.



مامۆستا هێمن، مەهاباد ساڵی ١٣٣٨ـ  ١٩٦٠




مەدرەسەی " سەعادەت " ماموستا ئیبراهیم قازی ساڵـی ١٣٠٨ـ ١٩٢٩

وینە: لە کتێبی ساوجبلاغ مکری، مهاباد در آیینەی اسناد تاریخی، فریدون حکیم زادە وەرگیراوە.

خالید ئاغای حیسامی " هێدی " لە کتێبی " ئاوینە شکاو "دا باسی شێوەی گووتنی درەسەکان دەکا و دەنووسێ: لە ماموستاکانی ئەو کاتەی مەهاباد ئەوەی کە ناویانم لەبیر مابێ: یەکیان "ماجد "مودیری دەبیرستانی پەهلەوی و، ئەوانی تر بە دوای یەکدا ئەو ماموستا بەڕێزانە بوون: "سەنایی" ماموستای ئەدەبیات، عبدالحسێن پوور، ماموستای حیساب و هەندەسە، "شەعبانی "ماموستای موسیقی و، هەروەهاش ماموستای زۆر بەنرخ " عەلی مەحموودی " بەڕێوەبەری ئەو کاتەی مەکتەبی " سەعادەت " و، ماموستا "محەمەد ئەسحابی "ڕێکخەر و نازم، کە ئەو دوو بەڕێزە جارێک لە مەکتەب ماموستام بوون و ئەگەر ئەوڕۆ ئەلف و بێتکەیەک بزانم لە سایەی سەری وانە و، جارێکی تریش بە گەورەیی و لە سیاسەتدا دیسان بوومەوە قوتابی وان...

دەرس گوتنی مامۆستا عبدالحسێن پوور کە خۆی فارس بوو لە حیساب و هەندەسەدا بەڕاستی سەرنج ڕاکێش و زانایانە بوو، هێندەی لەبیرم بێ من خۆم قەت لە مەکتەب وانەبووە لە حیساب و ڕیازیدا نمرەی باش وەرگرم و، ئەگەر ڕۆژێک نمرەی زۆر باشم وەرگرتبا دەگەیشتە ١٠ زۆر زۆر ١٢ کە نمرەی باش لە مەکتەبی ئەو کاتە ٢٠ بوو، جا لەبەر ئەوە کە من خۆم لە حیسابدا زۆر کۆڵ بووم دەرس گوتنەوەی ئەو مامۆستایە کە زۆر بەسەریدا زاڵ بوو سەرنجی ڕاکێشا بووم.

لە هاودەرسەکانم ناوی هێندێکیانم لەبیرە وەک: ڕەسووڵ کەبوودی، سەعید شافیعی، دەشتی، حوسێن تدین، حوسێن محەمەدی گەورک، سەید مستەفا سەید ئەحمەدی، و سەید کەریم سەید ئەحمەدی.

لە هاودەرسەکانی ئەو کاتم هێندێکیان ماون و، دیارە ئەوانیش وەک من هێندەی نەماوە پیر بن! جا چ بۆ ئەوان و، چ بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە لە فێر کردن و بار هێنانی مندا دەوریان هەبووە و سەری خۆیان بە گیژی وەک منەوە ئێشاندووە ئەوەی ماون بەختەوەری و تەمەنی دڕێژیان بۆ ئاوات دەخوازم، ئەوەی نەماون خوای گەورە لە سووچیان خۆش بێ. لێشم سوورە نەماون خۆ عومری نوحیان بۆ نەهاتووە.

محەمەد شاپەسندی لە کتێبی " بیرەوەرییەکانی شاپەسندی "دا دەنووسێ: مامۆستاکانمان لە مەدرەسەی " سەعادەت " پیاوانی زانا و بەناوبانگی ئەوکاتە وەک: مەلا قادر مودەڕیسی، حەسەنی مودەڕیسی، میرزا برایمی قازی، مامۆستا فازیلی، مامۆستا محەمەد ئەسحابی، مامۆستا عەلی مەحموودی، مامۆستا قادر قازی، مامۆستا موبەللیغی بوون. ئەم مامۆستایانە هەوڵیان دەدا هەستی فەرهەنگی و ئەدەبی و زانستی لە مێشکی قوتابیکدا وەئەگا بێنن، لە پۆلی پێنج و شەشەمدا لێکدانەوەو شیکردنەوەی شیعر، عومەری خەییام، حافزی شیرازی و سەعدی بەلامانەوە ئاسایی بوون.



محەمەد شاپەسندی تەورێز ساڵی ١٣١٦ ـ ١٩٣٧

دوای دوو ساڵ ڕەوانشاد سەیفولقوزات دەستی لە کار کێشایەوە و ڕەوانشاد قازی محەمەد بوو بە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی شاری مەهاباد.

ئاغای سەید قادر جەعفەری لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: لە هاوینی ساڵی ١٣٠٥ و ١٣٠٦ کە مەدرەسە دادەخرا، میرزا "ئەحمەد فتووحی "کە خۆیشی مامۆستای مەدرەسە بوو، لە ماڵەکەی خۆی مەکتەبخانەیەکی کردبۆوە. منیش ئەو دوو هاوینە بێ وچان و بە علاقێکی زۆرەوە تەواوی دەرسەکانم خوێند.

من کلاسی سەرەتایی کە دوای کلاسی ئەوەڵ بوو و پێیان دەگووت کلاسی "تەهیە "بە یەک ساڵ تەواوم کرد و لە ئاخری ساڵی ١٣٠٦ زۆر بە چاکی لە تەواوی ئیمتیحاناتی کلاسی ئەوەڵ سەرکەوتوویانە هاتمەدەر.

با چەند دێرێکیش لەسەر میرزا " ئەحمەد فتووحی " بنووسم: خوا لێخۆش بێ، زۆر لە کاری دەرس گووتن و فێر بوونی قوتابیان دڵسۆز و جێدی بوو، بەڕاستی خۆی علاقەیەکی زۆری بەکاری مامۆستایی هەبوو، و تەنیا بەس بۆ پارەی نەبوو. شووڵەیەکی درێژی لە لای دەستی بوو، ئەگەر قوتابێک هات و هاوار یا شووغلی کردبا زۆر بە سەبری لە دەستی یا لە بازووی دەدا، قوتابیەکانیش هیچ نارەحەت نەدەبوون دەیانزانی مامۆستا لە ڕووی خۆشەویستەوە ئاوادەکا.

دکتۆر ڕەحمان حەلەوی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەناوی" از مهاباد تا بایکانور" دەنووسێ: لە گەڕەکی تازەکەمان زوو لەگەڵ کوڕەکانی کووچە ئاشنا بووم، وەکی ئاغای قادر و ڕەحمان ئووەیسی کە نیزیکترین جێرانی ئێمە بوون.

هۆکاری چوونەوەی من بۆ مەدرەسە ئەم دوو کەسە بوون. هەموو ڕۆژی دەمدیتن کە کتێبیان لە بن باغەڵی دایە وە بەرەو مەدرەسە دەچوون. منیش ڕۆژێک بێ ئاگاداری بنەماڵەکەم وەدوایان کەوتم. نیزێک مزگەوتی ڕوستەم بەگی گوێم لە زەنگی مەدرەسە بوو، هەردووکیان هەڵاتن و لە کووچەی دەستی چەپی مزگەوتەکەدا چوونە نێو حەسارێکی گەورە و منیش چووم. منداڵانێکی زۆر لە سەفدا ڕاوەستابوون، منیش چوومە یەکێک لە سەفەکاندا ڕاوەستام.

مودیری مەدرەسە بەسەر سەفەکاندا ڕادەگەیشت، کاتێک کە منی دیت بزەیێکی هات و بۆلام هات و پرسی: تۆ لێرە چ دەکەی؟

گوتم: هاتووم دەرس بخوێنم!

دەستی گرتم و منی برد بۆ سەفی مناڵە بچووکەکان و گوتی: لێرە ڕاوەستە.

سەفەکە، سەفی کلاسی تەهیە بوو، منیش وێرای وان چوومە سەر کلاسێ کە لە قاتی دووهەمی بیناکەدا بوو و لەکن یەکێک لە مناڵەکان دانیشتم. مناڵەکان زۆر سەیر تەماشای منیان دەکرد، مامۆستای کلاسێ تەهیە مرحومی ئاغای " ئەحمەد فتووحی " بوو. کاتێک کە هاتە کلاسەی و چاوی بەمن کەوت، نێوی منو و بابمی پرسی. ئاخر لەو شارە بچووکە هەموو کەس یەکتریان دەناسی، پێموایە یەک مانگ لە دەرس گووتنی چووبوو، بەڵام من چونکە لە مەکتەب ئەلف بێی فێر ببووم وە زیرەک بووم دوایی دوو مانگ منیان لە کلاسی تەهیە بۆ کلاسی یەکەم برد. خوا لێ خۆش بێ و یادی بەخێر بێ ئاغای " فتووحی " چ پیاوێکی شەریف و میهربان و دڵسۆز بوو.

ماموٚستای کلاسی یەکەمی سەرەتایم ئاغای مەلا عەبدوڵڵای فازیلی بوو. ماموٚستا چەپ دەست بوو، حیساب و درەسکانی دیکەی بە دەستی چەپ لەسەر تەختە ڕەشەکەی کلاسێ دەنووسی.

ئەو کات تەنیا یەک مەدرەسەی کوڕانە لە مەهاباد هەبوو بەنێوی مەدرەسەی "سەعادەت " مودیری مەدرەسە ئاغای عەلی مەحموودی و نازمی مەدرەسە ئاغای مەحمەد ئەسحابی و لە ماموٚستاکانیش، ئاغای ئەحمەد فتووحی، ئاغای فازیلی، مەلا محەمەد و حەسەن و قادر مودەڕیسی و ئاغای موبەللیغیم لەبیر ماوە. من تا کلاسی چواری سەرەتایی لەوێم خوێند.

لە کلاسی پێنجم مەدرەسەکەمان گوازرایەوە و چوو بوٚ ماڵی میرزا مستەفا پینەچیان لە گەڕەکی حاجی حەسەن، حەسارێکی زوٚر پان و برین و باغێکی پڕ لە داری تێدا بوو، بەڵام عەیبێکی کە هەیبوو شوێنێکی نەبوو بوٚ یاری کردن، بەڵام لە پێش بیناکەدا جێگایەکی هەبوو کە منداڵەکان بە سەف ڕادەوستان و لە چەند پلیکان دەچوونە سەرەوە بوٚ کلاسەکان.

بەیانان من بەو قەدە کورتەوە لەسەر پلیکانەکەدا ڕادەوستام و بە دەنگێکی بڵیند دوعای بەیانانم دەخوێندەوە و منالەکانیش دووپاتیان دەکردەوە. ماموٚستای کلاسی پێنجمان ئاغای واعزی بوو، نازانم خەڵکی تەورێز بوو یا مەراغە.

ساڵی شەشمی سەرەتایم لەهەمان مەدرەسە تەواو کرد. لە تەواوی دەوڕانی خوێندی سەرەتایم هەمیشە شاگردی یەکەم بووم.

قازی محەمەد سەروٚکی ئیدارەی فەرهەنگ

قازی محەمەد لە ساڵی ۱۳۰۵ تا ساڵی ۱۳۱۰ بە ماوەی ۵ ساڵ سەروٚکی ئیدارەی فەرهەنگ بوو، لەو ماوەیەدا دوو مەدرەسە دامەزرا. یەکیان مەدرەسەی سەرەتایی "پەهلەوی " و ئەوەی تریان مەدرەسەی کچان بەناوی" پەرماس" کە دوایی ناوەکەی گوٚردەڕا و بوو بە مەدرەسەی " پەروانە ".[ مەدرەسەی " پرماس " یەکەم مەدرەسەی کچان لە شاری مەهاباد بە شێوەی موٚدڕن، کە میرزا حەسەن تەبرێزی، ناسراو بە "ڕەشیدیە " لە ساڵی ۱۳۰۵ لە شاری تەورێز دایمەزراند. دوایی هەمان مەدرەسە بە هەمان شێوە و بە هەمان ناو " پرماس " و لە هەمان ساڵ لە لایەن میرزا حەسەن تەبرێزی لە شارەکانی تاران، ورمێ و مەهابادش دامەزرا.]

لەم ساڵانەدا ئاغایان: مەحموودی، عەبدوڵڵا فازیلی، عەبدولعەزیز مەولەوی بوون بە مامۆستا و دەستیان بەکار کرد. *



وێنە: مەدرەسەی " سەعادەت " ، لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە.

قازی محەمەد لەساڵی ١٣١٠ـ١٩٣١ جێگای خۆی دا بە کاک برایمی قازی. کاک برایم ٦ مانگ سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ بوو و دەستی لە کار کێشایەوە و دیسان ئاغای یوسف شوجاعی بۆ بە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی شاری مەهاباد تا ساڵی ١٣١٢ـ ١٩٣٢.




قازی محەمەد و قوتابیکانی مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٣٠٧ ـ ١٩٢٨




وێنە: حەساری مەدرەسەی "سەعادەت" مەهاباد ـ ماڵی میرزا مستەفا پینەچیان ساڵی ١٣١٢ ـ ١٩٣٣

وێنە: لە لاپەڕەی فیسبووکی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا سەمەدی وەرگیراوە.



دولت شاهنشاهی ایران
وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه

توانا بود هر که دانا بود
شماره ثبت ۹۱۶۸

گواهی نامه شش ساله ابتدائی

نظر بماده نهم قانون اساسی معارف مصوب نهم عقرب هزار و دویست و نود شمسی
نظر بنظامنامه امتحانات مصوب شورای عالی معارف و نظر بتصدیق هیئت ممتحنه آذربایجان غربی مورخ خرداد ۱۳۱۷
چون آقای علی فرهادی شاگرد دبستان سعادت که در تاریخ ۱۳۰۲ شمسی در مهاباد متولد شده با معدل کل ۱۲٫۳۲ از عهده امتحانات مقرره برآمده است
این گواهی نامه باو عطا میشود که از مزایای قانونی آن بهره‌مند گردد

طهران - بتاریخ ابان ماه ۱۳۱۷


رئیس دبستان

رئیس امتحانات

وزیر معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه

کارنامەی ئاغای " عەلی فەرهادی " ساڵی شەشی سەرتاەیی مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٣١٧

وێنە: لە ئالبوومی بنەماڵەی بەڕێزی فەرهاد وەرگیراوە.


تصدیقنامه شش ساله ابتدائی

معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه

ماده هیجدهم قانون اساسی معارف مصوب نهم عقرب هزار و دویست و نود شمسی

نظامنامه امتحانات مصوب شورای عالی معارف

تصدیق هیئت ممتحنه ساوجبلاغ مورخ خرداد ۱۳۱۱ ... سید قادر جعفری فرزند سید جامی شاگرد مدرسه ساوجبلاغ که در تاریخ ۱۲۹۸ شمسی

متولد شده با معدل کل ۱۲ ۷/۸ از عهده امتحانات مقرره برآمده است این تصدیقنامه شش ساله ابتدائی با وعطا میشود که از مزایای قانونی آن بهره مند گردد

بتاریخ آذر ماه ۱۳۱۱

رئیس معارف — رئیس امتحانات — رئیس کل معارف و تعلیمات — وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه

ایالت شرقی آذربایجان

وێنە: کارنامەی جەنابی سەید قادر جەعفەری ساڵی ١٣١١ـ ١٩٣٢

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری وەرگیراوە.

دولت شاهنشاهی ایران

وزارت فرهنگ



# گواهی نامه شش ساله ابتدائی

نظر بماده ... قانون اساسی فرهنگ مصوب نهم عقرب هزار و دویست و نود خورشیدی

نظر بآیین نامه امتحانات مصوب شورای عالی فرهنگ ... ۱۳۱۱

چون عزیز ... اسمعیل دانش آموز دبستان پهلوی مهاباد که در تاریخ ۱۲۹۹ خورشیدی


در مهاباد متولد شده با معدل کل ۱۲٫۹۶ از عهده امتحانات مقرره برآمده است

این گواهینامه باو عطا میشود که از مزایای قانونی آن بهره‌مند گردد.

تهران بتاریخ تیرماه ۱۳۲۲ شماره ثبت { دفتر کل اداره امتحانات ۵۹۰۸۰ / دفتر اداره ... ۹۸۷۰-۲۲۰۹

مدیر دبستان — رئیس اداره امتحانات — از طرف وزیر فرهنگ

وزارت فرهنگ اداره امتحانات دبیرخانه



نمره ثبت [illegible]

تصدیقنامه شش ساله ابتدائی

وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه

نظر بماده هیجدهم قانون اساسی معارف مصوب نهم عقرب هزار و دویست و نود شمسی

نظر بنظامنامه امتحانات مصوب شورای عالی معارف

نظر بتصدیق هیئت ممتحنه ساوجبلاغ مورخ خرداد ۱۳۱۰ مشعر باینکه محمد نانوازاده - فرزند میرزا عبدالله شاگرد مدرسه ساوجبلاغ که در تاریخ ۱۲۹۲ شمسی در ساوجبلاغ متولد شده و با معدل کل [illegible] از عهده امتحانات مقرره برآمده است این تصدیقنامه شش ساله ابتدائی باو عطا میشود که از مزایای قانونی آن بهره‌مند گردد

طهران - بتاریخ ۴ بهمن ماه ۱۳۱۰

رئیس معارف | رئیس امتحانات | رئیس کل معارف و تعلیمات | وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه

وێنە: کارنامەی شەشەمی سەرەتایی ئاغای" محەمەد نانەوازادە "ساڵی ١٣١٠ـ ١٩٣١

وینە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری وەرگیراوە.

یەکەم کلاسی دەبیرستان

لە ساڵی ١٣١٥ ـ ١٩٣٦ یەک کلاسی دەبیرستان بە مەدرەسەی " سەعادەت " زیاد دەکرێ تا خوێندکاران مەجبوور نەبن دوای تەواوکردنی خۆلی سەرەتایی بۆ خوێندن بەرەو شارەکانی تر بڕۆن.

لە ساڵی ١٣١٦ ـ ١٩٣٧ مەرحومی " نەسروڵڵا پەژووهیش " بوو بە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی شاری مەهاباد و لە زەمانی ویدا دوو کلاسی دیکە بە مەدرەسەکە زیاد دەکرێ و دەگاتە ڕادەی سیکلی یەکەمی دەبیرستان، ئیدی لە مەدرەسەی " سەعادەت " دادەبڕێ و خۆی بەناوی دەبیرستانی " ئێرانشهەر " سەربەخۆ دەبێ. *




مەدرەسە و دەبیرستانی " سەعادەت " ساڵی ١٣١٥ ـ ١٩٣٦

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری وەرگیراوە



آقای رحمن اویسی پس از امتحان کلاس
چهارم ابتدائی مدرسه سعادت
ساوجبلاغ مکری در تاریخ ۱۳۱۱/۶/۱۷





کاک جەعفەر ئەفسەر ـ پەروانە ئەحمەدەین

شوێنی مەدەرسەی سەعادەت لە ساڵی ١٣٣٢ ـ ١٣٥٧

لە ڕێگای فەیسبووکەوە پێوەندیم لەگەڵ بەڕێز " پەروانە ئەحمەدەین " گرت، پەروانە خانم ماوەیەکی کورت ١٣٥٠ ـ ١٩٧١ مامۆستای مەدرەسەی " سەعادەت " بووە. پەروانە خانم لەگەڵ هاوژینی کاک جەعفەر ئەفسەر باسی شوێنی مەدەرسەی" سەعادەت "تیان لە ساڵی ١٣٣٢ تا ١٣٣٨ ـ ١٩٥٤ ـ ١٩٦٠ بۆ کردم. لە ماڵی ئاغای مۆفەقی روبەرووی ماڵی حاجی محەمەد شلماشی ـ دوایی دەچێتە گاڕێژی موزاهیری کە بۆ خۆم" پەروانە" کلاسی یەکەمم لەوێ خوێندووە.

دوایی مەدرەسەی " سەعادەت " دەچێتە ماڵی حاجی قاسمی وەفا روبەرووی تەربیەت بەدەنی. دوایی دەچێتە ماڵی ئاغای نەجمەزادە روبەرووی ماڵی ئاغای سەراجی. نیزێک ساڵەکانی ١٣٥٠ ـ ١٩٧١ دەچێتە ماڵی خانمە خانمە کووچەی ماڵی پێشەوا قازی محەمەد، تا شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ـ ١٩٧٩ . لەم ساڵەدا ئیتر مەدرەسەی "سەعادەت " نامێنێ.

شوێنەواری مەدرەسەی "سەعادەت "هەرماوە، و تا ئێستاش هیچ شتێکیان لێ نەکردووە.




وێنە: شوێنەواری مەدرەسەی " سەعادەت " کە هەر چواردەوری دیوار کێشراوە. ساڵی ١٣٩٨ _ ٢٠١٩

سپاس بۆ کاک فەریدون حەکیم زادە کە ئەم وێنەی بۆ ناردم.

یەکەم مامۆستای دواناوەندی لە مەهاباد

میرزا" ئەحمەد فتووحی " ساڵی ١٢٧١ شەمسی لە سەردەمی ناسرەددین شادا لە دایک بووە. دوای ناسرەددین شا، موزەفەرەدین شای قاجار کە دەورانی مەشرووتیەت بوو و دوایە محەممەد عەلی شای قاجار، ئەحمەد شای قاجار، ڕەزاشا پەهلەوی و محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی، یانی باوکم دە سەردەمی ئەم شەش پادشایەدا ژیاوە. ئەو لە پێشدا مونشی باپیرم بووە. دایکی ناوی خەجیج و باوکی ناوی حەسەن و باپیری قادر " حاجی قادر" بووە.

حاجی قادر کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند ودەست ڕۆیشتوو بووە و لە ناوچەکانی کوردستان ئێران و عوسمانی ئەوزەمانی دا خەریکی تجارەت بووە کە ئێستا بەشێکی لە کوردستانی عێراقە.

باوکی من کە دەبێتە نەوەی حاجی قادر وەک مونشی لە خزمەتی دا دەبێ. یانی بەو سەرنجەوە کە تجاڕەتێکی بەربڵاوی دەو ناوچەنەدا هەبوو، نیازی بە حیساب ڕاگرتن و مونشی بووە. دوای مردنی حاجی قادر، باوکم بۆ ماوەیەک خۆ هەڵدەسووڕێنێ کە ئەو کارەی باپیری درێژە پێیدا و ئەویش خەریکی تجارەت بێ. بەڵام لێ روون دەبێتەوە کە ئەو کارە دە توانای ئەودا نییە.

باوکم میرزا " ئەحمەد فتووحی " تاقانە بووە و دوای ئەوەی لە تجارەت دەکێشێتەوە، لە سابڵاغ بەناوی میرزا " ئەحمەد فتووحی " مەکتەب خانەیەک دەکاتەوە یانی ئەو زەمانی مەدرەسە نابێ.

ئەوەندەی لە بیرمە و کتێبەکانی باوکم دیون، ١٠ کتێبی بوون کە هەموویان دەست نووس بوون. کتێبێکی بوو لە بواری پزیشکی دا بە شیعر نووسیبوو کە قەوارەیەکی درێژی بوو و پانایی لە چاو کتێبی دی کەمتر بوو. گۆیا لە علوومی زەمانی خۆیدا زۆر شارەزا و سەرئامەد بووە و ڕیازیدانێکی بەرجەستە بووە و لە عێلمی تێب دا گەلێک شارەزا بووە.

باسی ئەوەم کرد کە میرزا ئەحمەد دێ و مەکتەب خانە دادەنێ و لە دوایە کە مەدرەسە دادەمەزرێ دەبێتە مەعلیمی مەدرەسە و دەبیرستان کە دادەمەزرێ دەبێتە دەبیری دەبیرستان و زۆربەی ئەو حووکمەکانیشی هەمووی ماون کە یەکێک لە ئیبلاغەکانیدا نووسراوە" ئەتۆ ئەوە دەبییە دەبیری دەبیرستان و مانگێ سێ تمەن بەم پێیە یەکەم

دەبیری دەبیرستان لەو شارە بووە. لە دوایە دەچێتە سەردەشتیش و لەوێش خزمەت دەکا و بە گومانم لەوەی و ڕەنگە هەر بۆ وەڕێ کەوتنی مەدرەسە چووبێتە سەردەشت.

میرزا ئەحمەد لە ساڵی ١٣٢٨ تەدریسی نەدەکرد و لە ئیدارەی فەرهەنگ بوو کە پێیان دەگوت " ئیدارەی معارف و ئەوقاف " دەگەڵ ئاغای لەشکری لەوی کاریان دەکرد. لە مەدرەسەرا دەچوومە لای و ئاغای لەشکری هەموو جارە دەیگوت دوعایە بۆ بابت بکە، ئەودەمی بابم نەخۆش بوو و سەرەتانی حەنجرەی بوو.

میرزا "ئەحمەد فتووحی "لە تاریخی ١٣٢٩/٨/٤ شەمسی لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی دەکا.

حاجی عەلی فتووحی

وتووێژی گۆڤاری مەهاباد لەگەڵ بەڕێز حاجی عەلی فتووحی، ژمارە ٢٠٦ هاوینی ١٣٩٧

ئەوەندە بەرهەم و دەست خەتتەی بەڕێز " ئەحمەد فتووحی " کە لە لامن، ئەوەندەی لێیان ورد بوومەوە بێجگە لە ئەوەی بە دەستخەتێکی زۆر خۆش و جوان نووسراون، چەند بابەت لەخۆ دەگرن:

١ـ بەشێکی باسی نجووم و ئەستێرەناسی دەکا و جەدوەلی سەیروسەمەرەی بۆ کێشراوەتەوە.

٢ـ بەشێکی لە داودەرمان و ڕێکار و عیلاجی نەخۆشییەکان دەدوێ.

٣ـ بەشێکی باسی حیساب "ڕقومی " و " ئەبجەد "ە.

٤ـ بەشێکی باسی حەدیس و دوعا و کارکردی دوعا بۆ عیلاجی ئەو ڕووداو و نەهامەتییان کە بەربینگی مرۆڤ دەگرن.

٥ـ بەشێکی نە زۆر بەرچاوی نامە و نووسراوەی شەخسین.

سوارە فتووحی

گۆڤاری مەهاباد ژمارە ٢٠٦ هاوینی ساڵی ١٣٩٧

شێعری میرزا ئەحمەد فتووحی

ئەمن بە منداڵی نەنکم بەخێوی کردووم. یادی بەخێر، نەنکم مامانی سونەتی بوو. ژنێکی بێسەواد، بەڵام زەینێکی یەکجار زۆر زیندووی هەبوو. ئەو ماڵانەی کە ئەو هاتۆچۆی دەکردن، دەکرێ بڵێم نیوەی سابڵاغی ئەوسەردەمەی دەگرتەوە.

ئەو ژنە بێ سەوادە گوێی دەگرتە شیعر و چیرۆک و هەر ئەودمیش لە مێشکیدا ڕادیدەگرتن. گەلێک شەو کە پێکەوە ڕادەکشاین، داستان " بدرییە و مەلیحە "، کە کتێبکی ڕۆمانی فارسی بوو بەناوی " جنایتکاران قرن بیستم "، لە چەند شەواندا بۆی گوتم.

میرزا ئەحمەد فتووحی نزیک بە سەت ساڵ پێش معلیمی تاکە مەدرەسەیەک بوو بە ناوی مەدرەسەی " سەعادەت ". ئەو مامۆستایە، گازەندە شیعرکی سەر زارەکی گوتووە کە باسی ژیانی هەژارنەی خۆی دەکا. نەنکم شیعرەکەی بە مێشک ئەسپاردبوو و چەند جارانی بۆ خوێندمەوە. منیش شیعرەکە لەو فێر بووم، بەڵام لە درێژەی ڕۆژگاراندا هەر ئەوەندەم بیرماوە، لە لێرەدا نووسیومەتەوە:

معەلیمم لـــە مـــەدرەســەدا بـێ مێز و کـورسیم

دێـم و دەچــم ڕانــاوەستم کــەمێکش بــرسیم

مـــاڵـی بـەکـرێ، قــەرزدارم، کۆشێکیش منداڵ

کــەس تێم نـاگا بۆچی گێژم، غـەریب و عەوداڵ

بە درێژای ڕۆژ لـەسەر لینگان هــەر هاتووچۆمە

خــەڵک پیی وایــە قــەرەچیم، بــاوکیشم دۆمــە

پرتــەی ژن و هـــەرای منداڵ ساز و سـەنتوورمە

لـەبەر دەرگــاوە دێتە گوێم، هـەی باوکـەڕۆمـە

سـەرم لـێ ئــەستوور بـووە وەکـــوو بــاگــردان

چــەنـە چەنێ زۆر لێدەدەم دەگـــەڵ شاگــردان

لـــە مـەدرەسە زۆر شەکـــەتـم دەگـەل منداڵان

سەربــــاقی ئــەو هـــــەموو هــەرا هــەرایـــە

حقووقم  زۆر کـــــــەمترە لـــە خـــاز لـــەخـــایە*

کەریم دانشیار

لە ڕێگای فەیسبووکەوە کاک کەریم دانشیار بۆی ناردم، زۆری سپاس دەکەم.

خات زلەیخا

زلەیخا سارابابا، خێزانی ئاغای نادر سارابابا یەکێک لە کۆنترین پێشخزمەتەکانی ئیدارەی فەرهەنگ، کە دوای کۆچی مێردەکەی بە پێشخزمەت لە ئیدارە فەرهەنگی دامەزرا. ژنێکی کورتە باڵا و قەڵەو و زۆر سادە بوو و بە حقوقێکی زۆر کەم کاری دەکرد.

ناوی زلەیخا بە هۆی ئەوەی، لە چەند شێعری لە شانۆی دایکی نیشتماندا کە لە مەدرەسەی پەهەلەوی بە بەشداری قوتابیان و مامۆستاکان لە حوزوری پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی نەمایش دڕا گوترابوو، ئیتر ئەوە شێعرە وەسەر زمانی خەڵکی کەوتبوو.

ئاغای مەعروف فتووحی کە ئەو کات لە گەڵ ئاغای عوسمان دانیش و ئاغای سەدیق ئەنجیری و... نەمایشان دەکرد پرسیارم  لێکرد، بەشێک لە شێعرەکە بەم جۆرەیە، هەڵبەت شێعرەکە لەسەر سەحنە لەگەڵ مۆسیقا دیانخوێندەوە:

| | |
|---|---|
| کارمـــــەندی فـــەرهــەنگم و شوغلم دەبیرە | خۆراکی زۆر خۆشی من نان و پەنیرە |
| چەنە چەن بەس لێ دەدەم دەگەڵ شاگردان | سەرم لێ ئەستوور بووە، بۆتە باگردان |
| سەرباقی ئـــەو هەموو زۆر کێشە و هـەرایە | حقووقم زۆر کەمترە لە خات زلەخایە |

لە کتێبی: داشا مەجید، سڵاو لە سابڵاغ ، نووسەر: ئەحەد ئەنجیری موتلەق *



میرزا ئەحمەد فتووحی


نمونه ٤٤٢

اداره کارگزینی
شماره
تاریخ ١٣٢٠

وزارت فرهنگ

آقای احمد فتوحی آموزگار دبستان

باستناد قانون ششم آبان ١٣٢٠ و ماده سوم پیمان نامهٔ استخدامی


شمارهٔ ١٠٦٢١ از اول آبان ماه ١٣٢٠ حقوق شما بقرار

ماهی چهارصد ریال پرداخته میشود

وزیر فرهنگ

رضا ـ تجدد

وێنە: بەڵگەی حقوقی میرزا ئەحمەد فتووحی ساڵی ١٣٢٠



ن ۱۰

وزارت فرهنگ


اداره
شماره ۸۸۰۴۴ / ۵۲۲۴۳
تاریخ ۲۰/ ۲/ ۲۱
ضمیمه

آقای احمد فتوحی آموزگار کلاسهای ۵ و ۶ دبستان سعادت (—) آبان ۲۱

باستناد ماده ۳ پیمان نامه شماره ۱۰۶۲۱ / ۱۵/۹/۲۰
ازتاریخ اول ابانماه ۱۳۲۱ ماهی ۳۰ ریال اضافه حقوق درباره
شما منظور میشود که با ۴۰۰ ریال حقوق سابق روبهم ماهی ۴۳۰
ریال دریافت خواهید داشت.

از طرف وزیر فرهنگ

**وێنە: بـەڵـگەی حقوقی میرزا " ئـەحمەد فتووحی " مـامۆستای کـلاسی ٥ ، ٦ مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٣٢١**


وزارت معارف واوقاف وصنایع مستظرفه
(اداره معارف و اوقاف کردستان)

تاریخ ۳/۱۰ ماه ۱۳۱۴
نمره ۱۹۹۸ ضمیمه

آقای احمد فتوحی

از ۱۶ شهریور هذه السنه محل خدمت شما از دبستان سعادت ساوجبلاغ بموجب امریه نمره (۸۱۱۲) وزارت معارف بآموزگاری کلاس سوم دبستان سردشت باماهی ۱۵۰ ریال حقوق منتقل شده لازم است تحت تعلیمات مدیره دبستان مشغول انجام وظیفه شوید ـــ

رئیس معارف واوقاف کردستان

وێنە: بەڵگەی ئیدارەی معارف و ئەوقاف بۆ میرزا ئەحمەد فتووحی مامۆستای کلاسی سێهەم مەدرەسەی سەعادەت ساڵی ١٣١٤

سەرچاوەکان:

- سالهای پر اضطراب، خلیل فتاح قاضی، ناشر: مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی " انتشارات صلاح الدین ایوبی ". چاپ ۱۳۷۰

- خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو، " چهره مهاباد " به قلم دکتر قادر محمودزاده نشر هور چاپ ۱۳۷٤

- نگاهی به تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو چاپ ۱۳۷۷

- ساجبلاغ مکری " مهاباد در آیینەی اسناد تاریخی "، تالیف و گردآوری: فریدون حکیم زاده، نشر فرهنگی هیوا مهاباد چاپ ۱۳۸۹

- بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسندی، ئامادەکردنی سدیق ساڵح ، سلێمانی بنکەی ژین ساڵی ۲۰۰۷

- بیرەوەرییەکانی ئاغای سەید قادر جەعفەری، کە ئێستا چاپ نەکراون، و بەشێک لەم بیرەوەریانە کاک محەمەد جەعفەری لە ڕێگای فەیسبووکەوە بۆی ناردم زۆری سپاس دەکەم.

- از مهاباد تا بایکانور، خاطرات دکتر رحمان حلوی، انتشارات دید چاپ ۱۳۹۸

- گۆڤاری مەهاباد ژماره ۲۰٦ ساڵی ۱۳۹۷

- چێشتی مەجێور، نووسینی مامۆستا هەژار

- تاریک و روون، نووسینی مامۆستا هێمن

- وەرزنامەی کەشکۆڵ، ژماره ۳ ساڵی ۱۳۹٦

- ئاوێنە شکاو یان بیرەوەری هێدی، بڵاوکراوەی ئاراس چاپی دووەم هەولێر ۲۰۰۸

- ژێ. کاف چ بوو؟ چی دەویست؟ و چی لێ بەسەرهات؟ کۆکراوەی سەید محەمەد سەمەدی مەهاباد ۱۹۸۱

- حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نەوشیراون مستەفا ئەمین ۱۹۹۳

- داشا مەجید، سڵاو لە سابڵاغ، نووسینی: ئەحەد ئەنجیری موتلەق

- لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا سەمەدی

- لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک محەمەد جەعفەری

- لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی

- لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز پەروانە ئەحمەدەدین

- ئالبوومی وێنەی بنەماڵەی بەڕێزی عەلی فەرهاد

****

خوێنەری هێژا: مێژووی مەدرەسەی " سەعادەت " پێویستی زۆرتر بە لێکۆڵینەوە هەیە، ئەم خوێندگا جێگاییێکی تایبەتی هەیە لە پرۆسەی فەرهەنگیی شاری مەهاباددا. بەداخەوە لە زۆربەی کتێبە مێژوویەکان ساڵ و دامەزێنەری ئەم مەدرەسەیە بە هەڵە نووسراوە. مەبەستی زیاتری من ئەوە بوو کە مێژووی ئەم مەدرەسەیە هەرچەند کورتیش بێ، ئامادەی کەم کە کەسانێک کە پێویستیان پێی بێت بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

لێرەدا دەبێ سپاسی بێ سنووری خۆم ئاڕاستەی ئەم بەڕێزانە بکەم کە بە دڵ یارمەتیان کردم: کاک کەریم دانشیار - کاک عەبدوڵڵا سەمەدی - حاجی عەلی فتووحی - کاک محەمەد جەعفەری - کاک فەریدون حەکیم زادە - کاک موحیب مەهابادی - کاک ئاڵان فتووحی - کاک کەماڵ فەرهاد - پروانە خانمی ئەحمەدەدین - گوڵاڵە خانمی پێشنماز - نەسرین خانمی جەعفەری - سیمین خانمی ئیفتخاری.

ئەم نیشانە ( * ) کە لە ژێر بەشێک لە نووسینەکاندا دامناوە، وەرگێڕانی منە لە زمانی فارسی بۆ سەر زمانی کوردی.

فاڕووق فەرهاد سوئێد ٢٠٢٠/٠٧/٢١